# باری تەرخانكراوی دارایی

# بۆ سندووقە جۆراوجۆرەكانی بەرنامەی بڕیاری ٩٨٦ و خەرجییەكان

# لە ٢٠٠١/١٠/٣١

## باری تەرخانکراوی دارایی
## بۆ سندووقە جۆراوجۆرەکانی بەرنامەی بڕیاری ٩٨٦ و خەرجییەکان
## لە ٢٠٠١/١٠/٣١

**سەرەتا:**

بەگوێرەی بڕیاری ٩٨٦ داهاتی نەوتی عێراق بەشێوەی خوارەوە دابەش دەکرێت:

٥٩ ٪ بۆ فریاکارییە مرۆییەکان لە ناوەڕاست و باشووردا.

١٣ ٪ بۆ فریاکارییە مرۆییەکان لە سێ پارێزگەی کوردی لە باکووردا.

٢٥ ٪ بۆ قەرەبووەکانی شەڕی کەنداو.

٢,٢ ٪ بۆ کردەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەرجییە کارگێڕییەکان بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکە.

٠,٨ ٪ بۆ خەرجییەکانی UNSCOM و جێگرەوەکەی UNMOVIC واتە: خەرجییەکانی تیپەکانی پشکنین.

کۆ ١٠٠ ٪

**سەرنج:**

أ- پاتێک پارە بەر لەدابەشکردن جیا دەکرێتەوە بۆ پڕکردنەوەی کرێی گواستنەوەی نەوت لە ڕێگەی لوولەکانی نەوت کە بەتورکیادا تێپەڕ دەبن. پاشتر ئاماژە بەدیاریکراوی پاتە پارەکە دەدرێت.

ب- بەشی ناوەڕاست و باشووری عێراق ٥٣ ٪ بوو پاشان بوو بە ٥٤ ٪ ئەویش بەداخستنی حیسابی ١ ٪ کە بۆ حیسابی بڕیاری UN (٧٠٦ و ٧١٢) تەرخان کرابوو. هەروەها بەبڕینی ٥ ٪ لە حیسابی قەرەبووکردنەوە و زیادکردنی بۆ حیسابی ناوەڕاست و باشوور، ئەم بەشە بوو بە ٥٩ ٪.

ج- حیسابی داهاتەکانی نەوت لە بانکی BNP-Paribas لە نیویۆرک سپێردراوە. گفتوگۆ هەبوون کەوا لە چەند بانکێکدا بسپێردرێن.

(١) کۆی داهاتەکانی پرۆگرامەکە لە سەرەتاوە هەتا ٣١/ ١٠/ ٢٠٠١ گەیشتووەتە پاتی ٣٧,٣٣٠ ملیار دۆلار و ١٢,٠٣٠ ملیار یۆرۆ (یۆرۆ یەکسانە بە ٨٧ سنت).

(٢) تەرخانکراوەکانی داهاتی نەوت کە لە سەرەتای پرۆگرامەکەوە وەرگیراوە و، سەرفیاتەکان هەتا ٣١/ ١٠/ ٢٠٠١ وەک خوارەوەیە:

أ- پاتی ١٩,٥٦٠ ملیار دۆلار و ٦,٨٩٠ ملیار یۆرۆ تەرخانکراوە بۆ کڕینی فریاکارییە مرۆییەکان لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ ناوەڕاست و باشوور. هەروەها قازانجەکانی ئەم حیساباتەش کە گەیشتووەتە ١,٢٣٤ ملیار دۆلار و ٦٨,٧ ملیۆن یۆرۆ تەرخان کراون بۆ کڕینی فریاکارییە مرۆییەکان تەرخان کراون لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە بۆ ناوەڕاست و باشوور. ئەو پاتانەی کە دراون بۆ فریاکارییە مرۆییەکان و سپێرپارتی دامەزراوەکانی نەوت گەیشتووەتە ١٤,٦٨٠ ملیار دۆلار و ٤٥٢,٩ ملیۆن یۆرۆ.

ب- پاتی ٦,٠٨٠ ملیار دۆلار تەرخان کرا بۆ کڕینی فریاکارییە مرۆییەکان و دابەشکردنی بەسەر سێ پارێزگەی

باکـوور (کـوردی) لەلایەن بەرنـامـەی بریکـارەکـانی نەتەوە یەکگرتـووەکـان. کـۆی ئەو پـاتانەی کـە لیـژنەی ٦٦١ (لیژنەی سزاکان) پەسندی کردوون بۆ سەرفکردن لەم حیسابەدا گەیشتە ٤,٣٨٩,٣٠٠,٠٠٠ دۆلار.

ئەمەی خوارەوە خشتەیەکە بەنرخی داوودەرمان و کەرەستەی خۆراکی لە فێزی (١) هەتا فێزی (١١):

- پشکداریی حیـسـابی ١٣٪ لە پارەپێـدانی سپـێرپارتی دامەزراوە نەوتییـەکـان دەگـاتە ١٠٨ ملیـۆن دۆلار لەهەر فێزێکدا. پێشتر ١١٨ ملیـۆن دۆلار بوو بەڵام کاتێ بەشی عێراق لە ٥٤٪ەوە بوو بە ٥٩٪ لە داهات، ڕەخنەمان گرت و ڕەخنەکەمان پەسندکرا.
- زیادەی گەورە لە داهاتەکانی نەوت لە فێزەکانی ٦ و ٧ و ٨دا ڕووی دا، پاشان کەوتە دابەزین بەتایبەتی لە فێزی ١٠ کە بۆ ماوەی چەند مانگێک تەواو هەناردنی نەوت وەستا و نرخی نەوت دابەزی.

ئەمـە واتە تەرخـانکردنی بڕە پارە بەشێـوەیەکی بەرهەست و زێدە بۆ پرۆژەکـان لە فـێزی ٦ دەسـتی پێ کرد کـە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٩ هاتە دی.

بڕێک پاتی تەرخانکراو و پەسندکراو بۆ ئەو پرۆژانەی کە هێـشـتـا جێـبەجێ نەکراون یـان بەهۆی (هەڵپـەساردن لەلایەن لیژنەی ٦٦١) یان بەهۆی تەکنیکییەوە کە پێوەندیی بەکارڕایی کردنی ئاژانسەکانی UNەوە هەیە:

(١) کەرتی تەندروستی نێزیکەی ٥٤ ملیـۆن دۆلار کە بەشی زۆری بۆ بنیـاتنانی نەخۆشخـانەکـان (هۆی سەرەکیی دواکەوتنی WHO).

(٢) کـەرتی ڕێگەوبان نێـزیکەی ٣٨ ملیـۆن دۆلار (هۆی سـەرەکـیی دواکـەوتن هاتنی درەنگ ئاژانسی ITV و هەڵپەساردنی پرۆژەگەلی گواستنەوە لە تەواوی عێراق لە لیژنەی سزاکاندا).

(٣) ئاوەڕۆ نێزیکەی ٤٩ ملیـۆن دۆلار (هۆی دواکەوتنی سروشتی ئاڵۆزی پرۆژەکە و پێویستبوونی لێکۆڵینەوەی فرەوان و گیروگرفتی ڤیزای پسپۆڕان).

(٤) کەرتی کارەبا نێزیکەی ٨٨ ملیۆن دۆلار (هۆی سەرەکیی دواکەوتن، کۆسپ و تەگەرەکانی حکوومەتی عێراق و بەتایبەتی بابەتی ڤیزای پسپۆڕان).

(٥) بەشێـک لە پاتی تەرخـانکراو بـۆ هیـشکەسـاڵی، ئەوەبوو پـاتێک بەنێـزیـکەی ١٤٦ ملیـۆن دۆلار لە فـێـزی ٧ ساڵی ٢٠٠٠ بۆ هەر سێ پارێزگەکە تەرخانکراو هێشتا UN ئەم حیسابەی پاک نەکردووەتەوە.

(٦) پاتی تەرخانکراو بۆ کڕینی مەکینە (بلدۆزەر، گرێدەر، شەڤەل، ڕۆلەر. کارگەی قیر، فاریشە) و گەلێکی تر لە مەکینەی کردنەوەی ڕێگە و قیرتاوکردن.

تێچووی ٦١ ملیۆن دۆلار.

بەشی هەولێر و دهۆک ١٩٦ مەکینە.

بەشی سلێمانی ١١٥ مەکینە.

بەشێک لەم مەکینانە گەیشتوونەتە کوردستان و چاوەڕوانیش دەکرێ کە هەموویان لەماوەی ئەم ساڵدا بگەن، ئەم مەکینانە پێویستن لەبەرئەوەی مەکینەکانی ئێستە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵانی حەفتا و هەشتاکان و زۆربەیان لە کەڵک کەوتوون یان خەریکن لە کەڵک دەکەون.

ج- بۆ زانیاری، پاتی ١٣,٩٦ ملیار دۆلار خراوەتە سندووقی قەرەبوو ( ٣٠٪ ئینجا ٢٥٪ ).

د- پاتی ٩٠٨,٨ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ کردەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئیدارەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە پێوەندیداری جێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەن. خەرجیی کارگێڕیی سەرجەم یەکە پێوەندیدارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەجێبەجێ کردنی ئەم بەرنامەیەوە گەیشتووەتە ٥٢٢,١ ملیۆن دۆلار.

هـ- پاتی ٣٥١,٢ ملیۆن دۆلار تەرخان کراوە بۆ کردەوەکانی لیژنەگەلی پشکنینی UNSCOM و UNMOVIC.

و- پاتی ٩١٩,٢ ملیۆن دۆلار لە داهاتی گشتیی نەوت، بەر لەدابەشکردن تەرخان کراوە بۆ داپۆشینی کرێی گواستنەوەی نەوت لە کەرکووکەوە بۆ یامورتالیک لە تورکیا. پاتی ٨٨٠,٢ ملیۆن دۆلاریش لەمە دراوە، بە حکوومەتی تورکیا.

ز- پاتی ١٤٩,٥ ملیۆن دۆلار دراوەتە حیسابێکی تایبەت کە بەپێی هەردوو بڕیاری ٧٠٦ و ٧١٢ی ئەنجوومەنی ئاسایش کراونەتەوە. پشکی تەرخانکراو بۆ ئەم نیازە ١٪ی داهاتی نەوت بووە، بەڵام لە قۆناغێکی داهاتوودا ئەم حیسابە داخراو ١٪ زیادکرایە سەر بەشی عێراق بۆ ئەوەی ببێ بە ٥٤٪ لە جیاتی ٥٣٪ وەک پێشتر گوتمان.